السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئایا پێتان بڵێم (بوهتان - العَضْة) چییە؟ بریتیە لە دووزمانی کردن (نەمیمە کردن) لە نێو خەڵکیدا

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا پێتان بڵێم (بوهتان - العَضْة) چییە؟ بریتیە لە دووزمانی کردن (نەمیمە کردن) لە نێو خەڵکیدا».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا (بوهتان) بە (دووزمانی کردن) ناوبراوە، چونکە زۆر جار دووزمانی کردن خاڵی نییە لە بوهتان کردن ودرۆ هەڵواسین بۆ کەسێک، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ویستی ئومەتەکەی ئاگادار بکاتەوە لە (دووزمانی کردن) کە ئەمیش بریتیە لە هێنان وبردنی قسە لە نێو خەڵکیدا بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوانیان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموودەکەی بە شێوازی پرسیارکردن دەستپێکرد؛ بۆ ئەوەی کاریگەری زیاتر هەبێت لەسەر گوێگرەکان وهۆکاری سەرنجڕاکێشانە بۆ لای پرسیارکار، پرسیاری لێیان کرد: (ئایا دەزانن (بوهتان - العَضْة) چییە؟) واتە پێتان بڵێم درۆ وبوهتان هەڵواسین چییە؟ ووتراوە: مەبەستیش سیحر کردنە. پاشان وەڵامی پرسیارەکە دایەوە: (بوهتان - العَضْة) بریتیە لە هێنان وبردنی قسە بە مەبەستی نانەوەی ئاژاوە وناکۆکی لە نێو خەڵکیدا؛ ئەمە کاری سیحرە کە لە خراپەکارییە، وزیانی بۆ خەڵک هەیە، وجیاکردنەوەی دڵی خۆشەویستانە وپچڕاندنی پەیوەندی خزمەکانە، وپڕکردنی دڵەکان لە ڕق وکینە بەرامبەر یەکتر، وئەمیش لە ڕاستیدا دەبینرێت لە نێو خەڵکیدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5942

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee